مۆنۆلۆگی درامایی

# جگەرە و شوکولات

## نووسینی: ئانتونی مینگێلا

وه رگێرانی له فارسییه وه:

## ڕه حمان عه زیزی

(تاریکی)

گاما:

کاتێ بریار دەدی کە قسە نەکەی وەک ئەوە وایە کە دەست لە خواردن هەڵگری.

ڕۆژی یەکەم نوێ وهەست بزوێنە،تا پێش ئەوەی ئێش بەرەوپێرت بێ...ئێش کاتێ دەست پێ دەکات کە بەتەوەێ خۆت بەدەست وە بەدەی...کاتێ کە ناتوانی بیر لە هیچ شتێک بەکیی تەوە....ڕۆژی دووهەم: هەست بە قەڵسی ولەخۆ بێزاری و بێ دەرەتانی دەکەیت...ڕۆژی سێهەم توشی هەڵیت وپەڵیت کوتن وبێ ئێشتایی دەبێت...ئیشتایت کەم دەبێتەوە ....کەم دەبێتەوە.کەم...تاوێنەی قسەکردن،هێڵنج دانی وشەکان...پێتەکان و وشەکان..ناحەز ونەگریس و قورس و نالەبار..........

(جوولەی ١)

دیمن... وێنە،هێڵنج دان،...وشەکان کاتێ لەبەر بڕسێتی لە سەرە مەرگ دای....کاتێ منداڵەکەت بێ گیان لە ئامێزدەگریت...چرکە بۆ خولک..خولک بۆ دەمژمێر...ڕۆژبۆشەو...شەو بۆ ڕۆژ...کاتێ کەمنداڵەکەت بێ گیان لەباوەشت دایە....کاتێ وا بیردەکی تەوە لەوانیە ئەو لە نێو کێویکی تەرمی لەت وپاروهەڵ قرچاودایە ...کاتێ دڵۆپێک شیرت لەممک دا نییە و کۆرپەکەت دەگری...کاتێ تێرژێن ئەتوومی خەریکە جەرگ وهانای منداڵەکەت دەبری...ئیدرووجن... نیترات...یاخۆ ئورانییوم....یا ... یا....یا ... داوێنە کان کۆرت دەبیتەوە...یا داوێنەکان چین چین درێژدەبنەوە....یا داوێنەکان چین چین کورت دەبنەوە...هۆنراوە کان....شێعروسرووود دە هوینەوە...هەوالەکان

دەخۆێندرێنەوە...من کەرەیکی جیاواز لە دووکانەکان دەکرم...قژەکانم لول دەکەم...دیسان سافیان دەکەم...ڕەنگیان دەکەم...درێژیان دەکەم...وە قژەکانم هەر بۆخۆیان مەزن دەبن(دریژ)...هەموو داوێنەکانم فەرێ دەدم...لەنێوکیسەیکی رەش دەخەم و دیبەم بۆ دەزگا خێر خوازییەکان...ودیسان دەچمەوە سەرلەنوێ دییکەرمەوە...کەل وپەلی مالەکەم هێندە دەسومەوە تالەبەرخاوێنی شوق بداتەوە ووەێنەی خۆمی تێدا بەبینم...شۆمینەی ژوورە کەم هەلدەوەشێنمەوە...وسەرلەنوێ چاک دەکەمەوە....حەبەکانم دەخوم...حەبەکانم دەنیمە ئەولاوە...گوێ دەدەمە جاز...گوێ دەدەمە موسیقای ڕاک...پوستێرەکانم دەدەم لە قابی گرن...خەریکەم هەمووشتێکم..هەموو ڕاز ونەهێنیکم لە گرووپی ژنانەی خۆماندا دەدرکێنم...من بەربەرەکانی دەکەم.. نارەزایەتی، گلە و گازندە خۆم دەردەبرم...دیواری ژوورەکەم پردەکەم لە کارت پوستاڵ...لەپوستێر...لە کارت پوستاڵ...لەپوستێر...ئەمانە نا...ئەوانە بۆ دەری..ئەمانە بۆ ژووری...ئەرێ..ئەوانە..ئەمانەنا...ئەوانە بۆ دەرێ...ئەمانە بۆ ژوورێ...ژوورێ...دەرێ...ژوورێ...دەرێ..ژووری.دەرێ..ئاژاوە... مشتومڕ...دەمەقەرێ..مشتومڕ ودەمەقەرێ لەگەڵ هاورێ کانم... لەگەڵ هەمووکەس..لەگەڵ هەموو ئەوکەسانەی وا خۆشم دەوێن... ئەوان بەخاتری چی بۆ؟....چییان گۆریی؟...ڕاستیەکی ئەویە...ڕاستیەکی ئەویە...هیچ شتێک نەگۆڕاوە...هیچ ئیش وکارێک نەکراوە...هیچ ئامانج ێک وڕوون کردنەوە باور پێ کراوی نییە ..... تەنیا فرمێسک.... فڕمێسک وئێشی خەڵک...ئێشی خەڵک...توورەێێ خەڵک...هەراوتوورەێی خەڵک...تێک هەڵچوون وپێک دادان وبێدەنگی... ململانێوناکۆکی...دەست درێژیی ئەوان...وبێدەنگی.. چاو لێ کە...هەرئێستا لێرە خەریکە ڕوودەدات...(دوو دەنگی هاوکات) رستەکان..وشە کان.. پیتەکان... وەک سێڵاو...تەواوو ئەو وشەانی وا پێکەوە دەوتری...لێک دەترنجن... پەرشبوونەوەی وشەکان ...ڕق،بەربەرەکانی هەموو لە گەڵ یەکتر،دانیشە و گوێ لەڕادیو ڕاگرە( دەنگەکان زیاتردەبن)وقرقرەکەی بسورێنە...کانالەکان...ئیستگابەئیستگا ڕێیک و پێک یان کە...شەپۆلەکان...شەپۆل بەشەپۆڵ ڕێیک وپێک یان کە وهەموو دەنگەکان گوێ بەدەییە ...وبەوردی گوێ بەدەییە..کە بەهەموو زمانەکانی دی دنە دەرێ...( چرپەچرپ)دوایی... ئەوە یەکەمەمین سزای ئیمەیە.. تاوەربابل...ئەوهەمووە وتن وقسە کردن بۆ وتنی هیچ شتێک...ئەوهەمووە تێکوشانە.. بۆ هیچ نەکردنە...تەنیا بۆ هێزی ڕاوەستان و

# سیغار و چاکلێت

ڕاگرتنە..ڕاگرتن...ڕاوەستان...ڕاگرتنی کۆرت خاین ئیمە لە درێژە پێ دانی ڕێگامان...چ سودێکی هیە؟

(بێدەگی)

بەڵام بێدەنگی.........گوێ ڕاگرە...چـــــــــــــە دەوڵە مەندە...چـــــــــــــە دووگیانە....چـــــــــــەپرە......چـــــــــــ..چـــــ...چـــ ( جەخت لە سەرپیتی چ )

(بێدەنگی)

جووڵەی ٢

)هەتاکۆتایی لە تاریکی دایە(

چیت وە بیر دێتەوە؟..دوایی ئەو هەمووە شتانەیی وا کوتت وکردت؟یەک ماچ؟تامی لێوی کەسێک؟ یەک وێنە؟یەک هەناسە؟گۆرانیەک؟قورسایی دارە میتەکی دایە گەورە ت؟دە مارەخوێنبۆری لاقی دایکت.شۆێنی دەمارە سپیەکانی زگی.

بێدەنگ.قسە مەکە،چـــــــاو لێ کە.(دەنگەدنگی تێکەڵ وبێ مانا) هەست وهەستەوەر وە جولە دەکەون،چاو لەدونیاکە،شێت وشیدا،هەڵچوو، هاوار،ڕیچە،شێتی

یاسا لەبێدەنگی(بێدەنگی)دەترسێت....یاسا بۆ تاوانبارێک کە بێدەنگ دەبێ پرە لە وشە...تورەیی خودا...بێدەنگی لە گەڵ نەفرەت...بەڵام ئەمە بێدەنگی نییە بڵکو سزا دانە...وشە،وشەکان،سزادانن.

یەک بێدەنگی...

جوانە

# سیغار و چاکلێت

پارەکە سیغاربوو،

ساڵی پێش تر چۆکلێت

بەڵام ئەمە لە هەموویان باشترە

( ڕووناکی دیتەوە ئەکتەر کە هانکە هانکێتی و بە زۆر هەناسە دەکێشێت، دیسان تاریکی)